# بانگەواز

**تەها ئەمین هەڵەدنی**

**بانگەواز: بۆ هەموو مرۆڤە ویژدان زیندوەکان، وەک ئاشکرایە فاشستەکانی بەغداد واز لە هەڵاتووکان لە جەورووو ستەمی دۆزەخەکەی سەدام ناهێنی لەدەرەوەی وولاتیش.سێ هەفتەیەکە فەشستەکانی بەغداد بەهاوکاری ڕژێمە بەربەریەکانی ئوردوون و لوبنان چەند کەسێکیان ڕادەستی ڤامپیەرە خوێن خۆرەکەی بەغداد کردۆتەوەو پاش چەند ڕۆژێک لەسێدارە دراون، لەوانە سێ کوردی فەیلیان تێدایە کە زیاتر لە ٣٥ کەسوکاریان لەسەرەتای جەنگی عێراق و ئێرانەوە بێسەرشوێنن.**

**دوو هەفتە پێش ئەمڕۆش لەشکری قدس سێ هاوڵاتی کوردی لەبەردەم کەسووکارەکەیاندا لە شاری بابەگوڕگوڕ دەدەنە بەر ڕێژنەی گوللە، بەتاوانی نەبونیان بە پێشمەرگەی پاراستنی قدس !**

**پێشنیار دەکرێ کە دەنگ بەرزکەنیەوە لە ئاست ئەوکارە دڕندانەی ڕژێمی ئوردن و لوبنان.**

**کۆنسوڵی هەردوو وولاتی ناوبراو لە زۆربەی ووڵاتانی جیهاندا هەن، هەرکەس بیەوێ دەتوانی فاکسوو مەیلی ناوبران دەست بخا، با خۆپیشان سازدەین لە بەرامبەر کۆنسولاتەکانیان.دوای ئەوان نۆرەی ئێمەش دێ ،گەر تەنها لەخەمی با نەبردنی کڵاواکەماندا بین.**

**بەو هیوایەی کۆمەڵەکان، ڕێخراوەکان، پارتەکان بتوانن کارێ بکەن.هەر هیچ نەبێ ویژدانیان ئازاریان نەدا.**



©KurdistanNet